ئەی جبریل، بڕۆ بۆ لای موحەمەد، بڵێ: ئێمە ڕەزامەندیت پێدەبەخشین سەبارەت بە ئومەتەکەت وغەمبارت ناکەین

لە عبداللەی کوڕی عەمرو -ڕەزای خوایان لێبێت- کە پێغەمبەر ئەم وشانەی خوای گەورەی خوێندنەوە -عز وجل- سەبارەت بە ئیبراهیم -صلى الله عليه وسلم- : {رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي} [إبراهيم: 36] واتە: {ئەی پەروەردگارم بێگومان ئەو بتانە زۆر لە خەڵکیان گومڕا کردووە (و لایاندان لە ڕێگای ڕاست) جا هەرکەسێک (لە ڕۆڵەکانم) شوێن من کەوت ئەوە بێگومان لە منە}، (هەتا کۆتایی) ئایەتەکە، و وشەکانی عیسا -صلى الله عليه وسلم- کە دەفەرموێت: {إِنْ تُعَذِّبْهُم فَإِنَّهُم عِبَادَكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُم فَإِنَّكَ أَنْتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ} [المائدة: 118] واتە: {ئەگەر سزایان بدەیت، ئەوە بێگومان بەندەی خۆتن وە ئەگەر لێشیان خۆش بیت ئەوە بێگومان تەنها خۆتی بە دەسەڵات وکاردروست}، (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) دەستەکانی بەرزکردەوە وفەرمووی: «خودایە، ئومەتەکەم ئومەتەکەم»، وگریا، خوای گەورە -عز وجل- فەرمووی: «ئەی جبریل، بڕۆ بۆ لای موحەمەد، -وپەروەردگارت زاناترە- پرسیاری لێبکە بۆچی دەگری؟»، جبریل هات، وپێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی پێبدا سەبارەت بەوەی کە ووتی -وخودا زاناترە-، خوای گەورە فەرمووی: «ئەی جبریل، بڕۆ بۆ لای موحەمەد، بڵێ: ئێمە ڕەزامەندیت پێدەبەخشین سەبارەت بە ئومەتەکەت وغەمبارت ناکەین».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

پێغەمبەر ئەم وشانەی خوای گەورەی خوێندنەوە -عز وجل- سەبارەت بە ئیبراهیم -صلى الله عليه وسلم- کە ئیبراهیم -عليه السلام- فەرموویەتی: {رَبِّ إِنَّهُنَّ أَضْلَلْنَ كَثِيرًا مِنَ النَّاسِ فَمَنْ تَبِعَنِي فَإِنَّهُ مِنِّي} [إبراهيم: 36] واتە: {ئەی پەروەردگارم بێگومان ئەو بتانە زۆر لە خەڵکیان گومڕا کردوە (و لایاندان لە ڕێگای ڕاست) جا هەرکەسێک (لە ڕۆڵەکانم) شوێن من کەوت ئەوە بێگومان لە منە}، (هەتا کۆتایی) ئایەتەکە، و وشەکانی عیسا -صلى الله عليه وسلم- کە دەفەرموێت: {إِنْ تُعَذِّبْهُم فَإِنَّهُم عِبَادَكَ وَإِنْ تَغْفِرْ لَهُم فَإِنَّكَ أَنْتَ العَزِيزُ الحَكِيمُ} [المائدة: 118] واتە: {ئەگەر سزایان بدەیت، ئەوە بێگومان بەندەی خۆتن وە ئەگەر لێشیان خۆش بیت ئەوە بێگومان تەنها خۆتی بە دەسەڵات وکاردروست}، (پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم-) دەستەکانی بەرزکردەوە وگریا، وفەرموی: (خودایە، ئومەتەکەم ئومەتەکەم): واتا خودایە ڕەحمیان پێبکە ولێیان خۆش بە، خوای گەورە -سبحانه وتعالى- بە جبریل فەرموی: (بڕۆ بۆ لای موحەمەد، -وپەروەردگارت زاناترە- پرسیاری لێبکە بۆچی دەگری؟)، لەکاتێکدا خوای گەورە زانایە سەبارەت بە هۆکاری گریانی، پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- هەواڵی پێبدا سەبارەت بە ئەوەی کە فەرموی: (ئومەتەکەم، ئومەتەکەم)، -وخودا زاناترە- بەوەی پێغەمبەرەکەی فەرموی -صلى الله عليه وسلم-، خوای گەورە فەرموی: (ئەی جبریل، بڕۆ بۆ لای موحەمەد، بڵێ: ئێمە ڕەزامەندیت پێدەبەخشین سەبارەت بە ئومەتەکەت وغەمبارت ناکەین): وخوای گەورە ڕەزامەندی پێبەخشی سەبارەت بە ئومەتەکەی وحەمد وسوپاس بۆ خوای گەورە لەسەر ئەو نیعمەتانەی بەم ئومەتەی بەخشیووە: زۆری وچەندجار کردنی پاداشت بۆیان، کۆتا ئومەتن بەڵام لە پێشەوەی هەموو ئومەتەکان دەچنە بەهەشتەوە، وزۆرینەی ئەهلی بەهەشت لەم ئومەتەن، وزۆر بەخشینی تریان پێدراوە کە بە ئومەتەکانی تر نەدراوە.


النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY


لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee